# پێشبینی دەکرێت بۆ دوو ڕۆژی داهاتوو بەرزترین پلەی گەرمی لە حاجی ئۆمەران 1 پلە تۆمار بکرێت

کەشناسی هەرێم کەشی پێشبینیکراوی 48 کاتژمێری داهاتوو ئاشکرا دەکات.

کەشناسی هەرێم ئەمڕۆ دووشەممە 17ـی شوباتی 2024 پێشبینی کەشی دوو ڕۆژی داهاتووی هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوەو ڕایگەیاندووە، بۆ ئەمڕۆ دووشەممە ئاسمان نیمچە هەور و لە ناوچە شاخاوییەکانی سنووری رۆژهەلات هەوری تەواو دەبێت، لەگەڵ کەمێک نمە باران و بەفر لەم ناوچانە پاشان بۆ کاتەکانی دوایی نیوەرۆ کەش بەگشتی سەقامگیر دەبێتەوە..

پلەکانی گەرما کەمێک نزم دەبێتەوە 3 بۆ 1 پلە بەتایبەتی لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی هەرێم بەراوورد بە تۆمارکراوەکانی دوێنێ یەکشەممە، ئاراستەی با باشووری ڕۆژهەڵات دەبێت.

سبەی سێشەممە 18ـی شوباتی 2025، ئاسمان ساماڵ دەبێت لەکاتەکانی شەو بۆ نیمچە هەور دەگۆڕێت و ئاراستەی با گۆڕاو دەبێت، هەروها پلەکانی گەرما نزیک دەبێتەوە بەراوورد بە تۆمارکراوەکانی ئەمڕۆ دووشەممە.

بەرزترین پلەکانی گەرمای پێشبینیکراو بە پلەی سیلیزی بۆ ڕۆژانی دووشەممە و سێشەممەی ئەم هەفتەیە:
هەولێر 18 پلەی سیلیزی و سلێمانی 14 پلەی سیلیزی، دهۆک 16 پلە، کەرکووک 19 پلەی سیلیزی، هەڵەبجە 15 پلەی سیلیزی و حاجی ئۆمەران 1 پلە، گەرمیان 18 پلەی سیلیزی.